# شکۆی سەرکردە و بێدەنگی کۆمەڵگا!!

ڕێبوار رەزا چوچانی
rebwarreza@hotmail.com



ئـەم وتـارە گەڕانـەوە نیـە بـۆ ڕووداو و داسـتانە ئەفسانەییەکانی مێـژوو، کـە تیایـدا سـەرکردە و مـیر و سولّتان و پاشاکان، زۆر جار ئەفسانە ڕۆحیەتی خواوەند بـوونی پـێ بەخشیون و لـە خەڵکـە عەوامەکـە جـودای کردونەتـەوە، ئـیتر بەمـەش شـەرعیەتیان وەرگرتـووە بـۆ سـتەمکاری و هەمیشـە بـەو گیانـەوە هەوڵی مانەوەی خۆیان و شکۆی دەسـەڵاتەکەیان داوە، "هەرچـەندە لێکچونێك هەیـە لـە نێـوان حـەز و خولیـای سـەرکردەکانی ئێسـتا و ئەفسـانەی سـەرکردەکانی تـر لـە ڕابـردووە زۆر دورەکانـدا، چـونکە سـەرکردەکان لـەم رۆژگارەشـدا خوازیـاری گەڕانـەوەی ئـەو ئەفسانانەن، بـە هـەموو رەهەندەکانییـەوە، خوازیاری گەڕانەوەی ئەو ئەفسانانەن، بە هەموو ڕەهایی دەسـەڵاتەکانیانەوە بـۆ نـاو ڕۆژگـاری ئـەمڕۆ"، بەڵکە ئەمە باسکردنە لە بێدەنگی کۆمەڵگا و دروسـتبوونی شـکۆی سـەرکردە سـتەمکارەکان لـە نـاو ئـەو بێدەنگیـەدا، مەبەسـتیش لـە هەڵبـژاردنی ئـەم ناونیشـانە، خوێندنەوەیەکـە بـۆ غـەریزەی بـاڵابوون لای مرۆڤ و دواتر پەڕینەوەی ئەم غەریزانە بۆ بە واقیعبون و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن ئەو غەریزە ئاڵۆز و سەرشێتانەوە، لـە هەمانکاتدا تێڕامانە لەو بێدەنگیە کوشندانەی کە زۆربەی کۆمەڵگاکان لە ئاست دەسەڵاتە فاسید و ستەمکارەکاندا دەینـوێنن، کـە دواجـار مەرگەساتی گەورە بـە دوای خۆیـدا دەهێنێت، دواتـر ئـەو مەبەسـتەی لـە پشتەوەیە کـە هەمیشـە لـە نـاو ژیـانی سیاسـیدا، سـەرکردەکان دەیانەوێت خۆیان تاکە کەسی بڕیاربەدەستی ناو دامەزراوەکانی دەسـەڵات بـن و دەسەڵاتیشـیان بـۆ هەمیشـە بـە ڕەهـایی بمێنێتـەوە و لـە بەرانبەر ئەم حاڵەتەشدا کۆمەڵگا بۆ ماوەیەکی زەمەنیش بێت توشی ئەو نەخۆشیە بێدەنگیە دەبێت.

ئەگەرچی ئەم حاڵەتە تا سەردەمانێك دەتوانێت بە زیندوی بمێنێتەوە، بەڵام دواجار رۆژانێك دێت، کـە شـکۆ و پێگـەی سـەرکردە لـە نـاو دەچێت و ئـیتر سـەرکردە بـە هـەموو ڕەهەنـدە بـاش و خراپەکانیـەوە دەچێتە نـاو مێـژوو، سـەردەمانێکیش دێـت کـە هـەموو چـیرۆك و داستانەکانی سەرکردە دەبێتە ئەفسانەو دوریش نیە کەس باوەڕیان پێنەکات، بۆیە هەمیشە باڵایی بۆ سەرکردە و غـەیرە سـەرکردە وەك ئەفسانەیەك وایە و هەتا سەر شکۆی دەسەڵات بۆ کەس نامێنێتەوە، هاوکات مانەوەی سەردەمی دەسـەڵاتی هـەر سـەرکردەیەك بەنـدە بـە بێدەنگی کۆمەڵگا، هەتا کۆمەڵگا بێدەنگ بێت، شانسی مانەوەی سەرکردە لە پێگە باڵاکاندا بەردەوامی دەبێت.

" مرۆڤ و غەریزەی هەڵکشان بەرەو دەسەڵات "

چـیرۆکی سـەرکردەکان وەك ئەفسـانەیەك وایـە، کـە تێیـدا سـەرکردە خوداوەنـدە و کـەس جورئـەتی نیـە لـە نـاو ئـەو دامـەزراوەی کـە دەیبەستێتەوە بە سەرکردەوە، ئیتاعەی گەورەیی سـەرکردە نـەکات، ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەی کـە سـەرکردە پـەیڕەوی لێـدەکات، وەك سـروتە ئاینیەکان نەیلێتەوە تەنها هەندێك حاڵەتی دەگمەن نەبێت، کە ئەمانـەیش بـۆ خۆیـان پەیوەنـدیان بـە غـەریزەی باڵابوونـەوە هەیـە لای کەسایەتی سەرکردە، غەریزەی باڵابوون لەگەڵ دروستبونی مرۆڤدا وەك یەکەمین غەریزەی مـرۆڤ خـۆی مانیفێسـت کـردووە، پێکدادانی ئیمپراتۆریەتـەکان، ڕەتکـردەوەی ئاینەکانـەکان بـۆ یـەکتری، بەریەککـەوتنی شارسـتانیەتەکان، ململانێـی ئایـدیۆلۆژیاکان، ئیدامـەدان بـە هەوڵی بە جیهانیبوونی بازاڕ، تیرۆر و مەرگەساتەکانی و شەڕی دژە تیرۆر، ئەمانە هەموویان شەڕی بەرژەوەندییە باڵاکانی گروپێك یـان زیاتر و یان تەواوی دەسەڵاتە زەبەلاحـەکانی دونیـان، هـەموو ئەمانـەیش بـەجیهانیکردنی شـکۆ و هەیبـەتی دەسـەڵاتێکە و کۆکردنـەوەی مرۆڤایەتیـە لەسـەر یـەك ئامـانج و یـەك یاسـا، ئـەویش بـە کۆیلـەکردنی مـرۆڤ و هەڵگوشـینی مرۆڤـە، تـا دوا تنـۆکی شـعور و ئیحساسـە مرۆڤایەتییەکان بچۆڕێنرێت و وەکو ڕۆبۆتێك بە ئاراستەکردن بجولێت.

تێکڕای ململانێکانی دنیا ئیدامەدەری ئەو هەستە بەرژەوەندی پەرستە بالأخوازەیە، کە بە پێی گەشەسەندنی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ دروست دەبێت و لە هەر سەردەمێکدا قۆناغێك دەچێتە پێشەوە، ئەمەیش هاوکاتە لەگەڵ گەشەسەندنەکانی ژیانی مرۆڤ و هەروەها زادەی ئەو خەیالأتانەیە، کە لەناو بیرکردنەوەی تاکەکانەوە دروست دەبێت و دواتر دەپەڕێتەوە بۆ ناو خەیاڵدانی گروپێك، دواتر بەرەو قۆناغی گەشەسەندنی زیاتر هەنگاوەکانی هەڵدێنێت، کە لە دواجاردا ڕویەکی جیهانی بەخۆوە دەگرێت، ئیتر هەموو مەینەتییەکان و بارگرژییەکانی ڕێی وەدیهێنانی ئەم ئامانجە بالأییە، ڕوبەڕوی تێکڕای مرۆڤایەتیش دەبێتەوە، شەڕ و ململانێکانیش لە پێناویدا دەبێتە شەڕ و ململانێیەکی جیهانی، وەك نمونەی شەڕی تیرۆر لەم سەردەمەدا، سەرکردەکانیش ئەوانەی کە خولقێنەری ئەم ڕەوشەن، دەبنە سەرکردە و کەسایەتی جیهانی.

دروستبوونی ژیانی مرۆڤ بۆ خۆی لەسەر کۆمەڵێك غەریزەی ئالۆز دروست بووە، ئیتر هەر مرۆڤە و بە پێی بونیاتی کەسێتی خۆی، ئەو غەریزەیەی لا دروست دەبێت و هەوڵی فراوانکردن و گەشەپێدانی دەدات، هەر ئەم غەریزانەیە کارێك دەکەن کە ژیان و پێگەی مرۆڤ لە تاکایەتیەوە، هێدی هێدی بەرەو بالأبوون دەڕوات، تاکو لە حاڵەتێکدا لەگەڵ کۆمەڵێك مرۆڤی دیکەدا یەك ئامانج و یەك چارەنوس و یەك ئیرادە پێکیانەوە گرێ دەدات و زۆر جاریش چارەنوسی زۆریان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی یەك کەسیانەوە، کە ئەویش کەسایەتی سەرکردەیە، سەرکردەکان بە هەموو جیاوازیەکانیانەوە، بەڵام زادەی هەموو ئەو کەموکوڕییانەن کە خەڵکە عەوامەکەیش هەیانە، سەرکردەکانیش مرۆڤن وەك هەر مرۆڤێك کە خاوەنی زۆرترین هەڵەی ژیانیش بێت، ئەوە سیحری سەرکردەکان نیە زۆرتین ڕێژەی مرۆڤ مەست دەکەن و دەیانپەرستن، بەڵکە ئەوە نزمی ئاستی دنیابینی مرۆڤەکانە وا دەکات سەرکردەکان بەرەو پێگەی بالأ هەڵبکشێن و ڕوویەکی موقەدەس وەربگرن، ئەوە کاریگەری سەرکردە نیە وا دەکات مرۆڤەکان وەك جەنگاوەرێك شەڕی پاراستنی ڕۆح و شکۆی ئەو دەکەن، بەڵکە ئەوە هەڵەی تێنەگەیشتنی خەڵکە بە دوای سەرکردەکان دەکەون، تا ئەو ئاستەی کە ڕۆحی خۆیشیان دەکەنە قوربانی بە خاتری زیندوومانەوەی شکۆی سەرکردە، ئەوە سەرکردە نیە وا دەکات کە کۆی کۆمەڵگایەك، بێجگە لە ڕازیکردنی سەرکردە بیر لە هیچ شتێکی تر نەکەنەوە، بەڵکە ئەوە کەمتەرخەمی مرۆڤە لە ئاست بیرکردنەوەکانی خۆی و لە ئاست ئەرك و فەرمانەکانی خۆیدا، کە ناتوانێت جیاوازی لە نێوان هیچ کارێکی چاك و خراپدا بکات، ئەوە لێهاتوویی  سەرکردە نیە دەست دەگرێت بەسەر تەواوی دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا، بەڵکە ئەوە بێ بڕوایی مرۆڤە لە ئاست پێگە و ڕۆڵی خۆی  و بەشداریکردن لە پرسە سیاسیەکاندا، تا ڕۆڵی هەبێت لە دەستنیشان کردنی ئایندەی خۆی و هاونیشتیمانیەکانی، بۆیە هەتا تاك بیر لە پێگە و ڕۆڵی خۆیی نەکاتەوە و هەست نەکات لە ئەنجامی بێدەنگی ئەوەوە سەرکردە هەڵە دەکات و دوا جار ستەمکاری لێدەر دەچێت، کۆمەڵگا هەمیشە لە ناو وێرانەیەکی بێ ڕەفاهیەتدا دەبێت و لەو کاتەشدا ئەوەی حسابی بۆ نەکرێت ئازادییەکانی تاکە و کۆمەڵگاش لە ناو ئازاری لە ژێر پێنانی مافە گشتییەکانیدا دەتلێتەوە.

هەڵکشان بەرەو بالأبوون یەکەمین قۆناغی تموحەکانی مرۆڤە بۆ ژیان و بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەوروبەرەکەی و وەدیهێنانی ئامانجەکانی، بۆیە سەرکردەیش بە هەمان عەقڵیەتی بەرژەوەندی پەرستییەوە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ و کۆمەڵگادا دەکات، سود لە نزمی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا وەردەگرێت، ئەوە سەرکردە نیە بە هەوڵ و کارامەیی خۆی دەست دەگرێت بەسەر تەواوی کایەکانی ژیانکردندا، بەڵکە ئەوە کۆمەڵگایە لە غەرقبوونی خۆی لە جەهلدا، چۆك دادەدات بۆ سەرکردەیەکی فاسید و ستەمکار، دەشێ کۆمەڵگا تاوانباری یەکەم بێت لە هەر تاوانێك کە سەرکردە دەیکات، چونکە هەر کۆمەڵگایە زەمینەسازی دەکات بۆ دروستبوونی دەسەڵاتی ستەمکار، هەر تاکەکانی کۆمەڵگایە پەتای بێدەنگی دەیانگرێت و دەیانکاتە کائینێکی خامۆشی بێفیکر و بێڕوانین و بێجوڵە و بێقسە، بۆیە لەم تێڕوانینانەوە دەگەینە قەناعەتێك کە کۆمەڵگا لە بێدەنگیدا لە بەرانبەر هەموو کار و کردەوەکانی سەرکردە، خەرقی هەڵەیەکی کوشندە دەبێت، کە دواجار دەبێت خۆی باجی ئەو هەڵە کوشندانە بدات، کە بەرەنجامی ئەو هەڵە کوشندانەیە دەسەڵاتی ستەمکار دروست دەبێت و ڕۆدەچێت بەناو ڕەگ و ڕیشەکانی کۆمەڵگادا، بێدەنگی کۆمەڵگایە کە لە خۆرهەڵاتدا دەسەڵاتی تۆقێنەر دەست دەگرن بە سەر شکۆ و سەروەرییەکانی مرۆڤدا و غەرقی نەگبەتی و جەهلی دەکەن، بێدەنگی کۆمەڵگایە دەسەڵات دەست دەگرێت بەسەر هەموو کایەکانی ژیاندا و کارێك دەکات هەموو شتەکان بەپێی ویستی ئەو بەڕێوە بچن و هەموو بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی تێکڕای مرۆڤەکان لەسەر یەك ئاراستە بێت و ئەویش لە بیرکردنەوەکانی سەرکردەوە سەرچاوە بگرێت.

" خۆرهەڵات: سەرچاوەیەك بۆ دەسەڵاتە ستەمکارەکان "

خۆرهەڵات سەرچاوەی شارستانیەتە گەورەکانی جیهانە و سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئاینەکانیشە، مرۆڤ لە خۆرهەڵاتدا هەمیشە پەیوەندیەك پێکەوەی گرێداونەتەوە و لە ژێر سایەی یەك ساباتدا کۆی کردونەتەوە و بەمەیش زۆربەیان بونەتە پەیڕەوکارانی ئاینەکان، سەرهەڵدانی ئاین لە خۆرهەڵاتدا ئەو مانایە بە خۆی دەبەخشێت، کە تا زەمانێکی تر و تا سەرهەڵدانی شۆڕێك کە ڕۆڵ بۆ تاك بگێڕێتەوە، تاکایەتی و ڕۆڵ و پێگەی تاك بونێکی ئەوتۆی نابێت، بۆیە هەمیشە خۆرهەڵات لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی شارستانیەتی گەورە و بەرفراوانە، بەڵام هەمیشە مەنبەعی دەسەڵاتە ستەمکارەکانیش بووە، ئەوە دەسەڵاتی ستەمکارە داڵدەی پیاوە جەللادەکان دەدات و دەیانکاتە سۆپەرمانی سەردەم، ئەوە دەسەڵاتە ستەمکارەکانە ڕێ لە ڕەوڕەوەی هەنگاوەکانی ژیانکردن دەگرێت و دەیەوێت ژیانکردن لەو ئاستەی کە خۆی خوازیاریەتی بمێنێتەوە، تا هەرچی هەستکردن بە ڕۆڵە فەردیەکانە بپوکێتەوە و تاك هەمیشە بە شتە ڕوکەشیەکانەوە سەرقاڵ بێت و بیر لە ئەرکە جەوهەریەکانی خۆی نەکاتەوە، چونکە بیرکردنەوە لە ئەرکە جەوهەرییەکانی تاك لە لایەن خودی تاکەکانەوە، بۆ خۆی مرۆڤ ڕوبەڕوی کۆمەڵێك بەرپرسیارەتی دەکاتەوە، کە دواجار تاك ناتوانێت لە ناو ئەو هەموو فەوزا گەورە و زەبەلاحانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەلگا دەبێتەوە،بێدەنگەی لێبکات و ناتوانێت لە ئاست ئەو بەرپرسیارەتانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی بە ئەرکەکانی خۆی هەڵنەستێت.

دەسەڵاتی ستەمکار هەمیشە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و پێگە و ڕۆڵی مرۆڤ دەدات و لە هەموو ڕویەکەوە چەپاندن و خەساندنی مرۆڤ و دەستگرتن بەسەر هەموو حەز و خولیاکانی مرۆڤ ئیدامە پێدەدات وهەموویان لەسەر یەك ئاراستە و بیروڕای سیاسی کۆ دەکاتەوە، ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە پەیڕەوی لێدەکات، ڕوویەکی موقەدەسی پێدەبەخشێ و هەر بەو ڕوەوە دەیسەپێنێتە سەر کۆمەلگا و کۆمەلگا ناچار دەکات کە پەیڕەوی لێبکەن، دەسەڵاتی ستەمکار هیچ کاتێك حساب بۆ مرۆڤ و ڕۆڵ و ئەرکیان ناکات لە کۆمەلگادا، بۆیە هەموو کاتێك مرۆڤ گەورەترین قوربانی دەستی ئەم دەسەڵاتانەیە، دەسەڵاتی ستەمکار هەموو دەمێك دەیەوێت خۆی بە مەرجەعیەتی سەرەکی بڕیار و فەرمانەکان مانیفێست بکات، تا هەمیشە شکۆی دەسەڵاتی بەسەر زۆرترین پانتایی جوگرافیی زەوی و بەسەر زۆرترین ڕێژەی مرۆڤدا بسەپێنێت و شکۆی خۆی بە گەورەیی بهێڵێتەوەو هەمیشە مرۆڤایەتی دەکاتە قوربانی، بە خاتری مانەوەی ئەو شکۆیەی کە خەونی پێوە دەبینێت، شکۆی هەموو دەسەڵاتێك لەسەر خوێن و جەستە و ڕۆحی مرۆڤ بونیات دەنرێت و هەموو دەسەڵاتێك بۆ مانەوەی خۆی ناچارە پەنا بۆ دەستخستنە نێو خوێنی مرۆڤ بەرێت، ئەگینا هیچ کاتێك هیچ دەسەڵاتێك نیە بتوانێت شکۆی خۆی بەسەر پانتاییەکی بەرینی زەمیندا بسەپێنێت و بۆ زەمەنێکی مێژووی و دورمەودا ئەو شکۆیە بپارێزێت.

خۆرهەڵات لانکەی لە گۆڕنانی خەون و ئارەزووەکانی مرۆڤە، مرۆڤایەتی هەمیشە لە خۆرهەڵاتدا لەژێر هەڕەشەی تیاچون و ڤڕکردندا بووە، بۆیە هەمیشە بالأبون لە ناو ئەفکارەکانی مرۆڤی خۆرهەڵاتدا بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردە توندوتیژەی کە لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤایەتیدا لە خۆرهەڵاتدا بۆتە پەروەردەیەکی بنەڕەتی و مرۆڤی پێگۆش دەکرێت، پەروەردەی خۆرهەڵات بە گشتی بە دەوری بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە، ئەویش توندوتیژی و ڕقلێبونەوە و دەستگرتن بەسەر ئازادییەکانی دەوروبەرە، ئیتر ئەم پەروەردەیە قۆناغ بە قۆناغ گەشە دەسێنێت و لەگەڵ گەشەکردنەکانی مرۆڤ چ لە ڕوی جەستەیی و چ لە ڕوی عەقڵیەتەوە ئەم پەروەردەیەش هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیدا دەڕوات و ئیدامە بە خۆی دەدات، هەر کاریگەری ئەم پەروەردەیەیە مرۆڤی خۆرهەڵاتی کاتێك دەگاتە هەرەمی دەسەڵات، ئیتر هیچ بەهایەکی ئینسانی و هیچ بەهایەکی ئەخلاقی لە لا نامێنێت و ئەوەی بیری لێناکاتەوە کەرامەت و حورمەتی ئینسانە، هەمیشە بە چاوی مێگەلیەوە لە کۆمەلگا دەڕوانێت و خۆیشی بە شوانی ئەو مێگەلە دەزانێت، شەرعیەت بە خۆی دەدات لە هەر کردەوەیەك کە بەرانبەر بە کۆمەلگا بیکات.

مێژوی خۆرهەڵات مێژویەکی خوێناویە، مێژویەکە خوێن لە لاپەڕەکانی دەچۆڕێت، مێژویەکە نیشاندەری کەڵبەی خوێناوی سەرکردە ستەمکارەکانە، مێژویەکە هەرچی بێحورمەتیی هەیە لە خۆیدا کۆی کردونەتەوە و پێمان دەڵێت " هەمیشە خۆرهەڵات لە نێوان دوو بەرداشدا مرۆڤەکانی خۆی هاڕیوە، بەرداشێکیان کوشتەی شارستانیەتی ئاین و ئەو ترادسیۆنانەیە، کە ڕێ لە ئازادی تاك و کرانەوە کۆمەلایەتیەکان دەگرێت و ڕێگە نادات مرۆڤ بە ئازادی، ممارەسەی حەز و ئارەزوەکانی خۆی بکات، لادانیش لەم لەقاڵبدانە

بەرەنجامەکەی بە مەرگی لادەرەکەی تەواو دەبێت، بەرداشی دوەمیش یاسای دەسەڵاتە فاسید و ستەمکارەکانە، کە زۆر جار بە ناوی یاساوە تاوانی گەورە گەورە ئەنجام دەدرێت بەرانبەر بە مرۆڤ و شکۆ و هەیبەتی ئینسانی لە ژێر پێ دەنێت"، ئەم دوبەرداشە هەمیشە ئیدامەیان بە سوڕانەوەکانی خۆیان داوە، بۆ هاڕینی ئێسك و پروسکی مرۆڤ، مێژوی خۆرهەلآت لەگەلّ هەبوونی شارستانیەتە گەورەکانیشدا، بەڵام پڕاوپڕە لە فەزحکردنی ئینسان بۆ مانەوە و ئیدامەدان بەو دەسەڵاتە کوشندانەی کە تۆوی ستەمکاریان چاند و بەرەنجامەکەی ئەو مەرگەساتەیە کە ئێستا ڕوبەڕوی مرۆڤ دەبێتەوە، ئەو مەرگەساتەی کە لەم ڕۆژگارەدا بە جەنگی تیرۆر و دژە تیرۆر خۆی مانیفێست دەکات،" جەنگی خوا و نەیارەکانی، جەنگی ئازادیخوازی و لەگۆڕنانی دیکتاتۆریەت، جەنگی بەرگریکردن لە مرۆڤ لە بەرانبەر ڕەشەکوژیدا"، بە قەولی هەموو لایەکیان هەموو ئەم پێناسانە داتاشراون بۆ ئەم جەنگە تۆقێنەرە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەو جەنگەی کە ڕویەکی جیهانی بە خۆوە گرتووە و ئەمڕۆ لە سەر حسابی خوێن و جەستەی خەڵکی سیڤیل تەواوی دەکەن و هەر لایەکیان پێناسەیەکی جیاوازی لەوەی تریانی بۆ دەکەن، جەنگێکە لە پێناو سەرکەوتنی بەرژەوەندیدا، بەڵام ئەو بەرژەوەندیانەی کە ئەو جەنگە تۆقێنەرەی بۆ بەرپا کراوە، لە پێناوی بەختەوەربوونی مرۆڤدا نیە، بەڵکە لە پێناو بەرژەوندیەکە بۆ گروپ و تاقمێك، ئەگینا ئەو پێناسانەی کە هەر  لایەکیان بۆ بەرژەوەندی خۆی دروستی دەکات، یان هەر شیعاراتێك کە هەڵیدەگرن، لە کۆمەڵێك درۆی زەبەلاح بترازێت، هیچی دیکە نیە هەرچی خۆرئاوایە ئامانجی سەرەکی بە جیهانیکردنی بازاڕی خۆیەتی و دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم جەنگەوە دەست بەسەر تەواوی ئابوری جیهاندا بگرێت، هەرچی لایەنی دووەمیشە کە لایەنە توندڕەوە ئیسلامیە تیرۆرستیەکانە، لە ناو وەهمێکی گەورەدا سەرگەردان بوون، ئەو وەهمەش زیندووکردنەوەی خەلافەت و گەڕاندنەوەی سەردەمە تاریکەکانی مێژووە بۆ ئەم سەردەمە، دروستکردنەوەی ئەو خەلافەتانەیە کە مرۆڤایەتی لە ڕابردوودا ڕوبەڕوی گەورەترین مەرگەساتی بەردەوامی ئەم خەلافەتانە و فتوحاتەکانی دەبوەوە، خۆرئاوا و ئەمریکا بەتایبەتی بە ڕێگری سەرەکی وەدیهێنانی ئەم خەونەیان دەزانن، بۆیە ئێستا هەردوو لایان شاخیان گیراندۆتە یەك، داگیرکردنی عێراق و ئەفغانستانیش لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە دورخستنەوەی ئەو جەنگە کاولکەرەیە لە خۆیان و دەیانەوێت، ئەو جەنگەی کە لە قولاییەکانی خۆرهەڵاتەوە هەلگیرساوە و یەخەی پێگرتوون، هەر لە سەر حسابی خودی گەلانی خۆرهەلآت کۆتایی بێت، دەسەڵاتە ستەمکار و دەبەنگەکانی عێراق و ئەفغانستانیش زەمینەسازییان کرد، بۆ ئەم دۆخە و ئەو بەڵایان بەسەر کۆمەڵگاکانی خۆیاندا هێنا و جارێکی تر خۆرهەڵاتیان گەڕاندەوە بۆ دۆخی جەنگە بەردەوام و زەبەلاحەکان.

" بێدەنگییە کوشندەکان و بەرەنجامەکانیان "

هەموو بێدەنگیەکی دەستەجەمعی، زەمینەسازی دەکات بۆ خولقاندنی دەسەڵاتێکی ستەمکار و کوشندە، بەرەنجامی هەر بێدەنگیەکیش مەرگەساتی گەورە و لەژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤ و پاشکەوتووی و نەگبەتی و جەهل بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لە بێدەنگیدا دەسەڵاتە ستەمکارەکان پەرە بە ستەمەکانی خۆیان دەدەن و تۆوی ستەمکاری دەچێنن، هەر ئەم ڕەوشەیش وا دەکات دیکتاتۆری بچوك بچوك لە دایك ببن و گەورە ببن، تا کاتێك دێت ئەمانیش لەو فۆڕمە لاوەکیانەدا دێنە دەر و لە فۆڕمێکی تردا خۆیان مانیفێست دەکەن و دەبنە ئیدامە  پێدەری دیکتاتۆرەکانی پێشوو، بێدەنگی لە عێراقدا سەددامی خولقاند، سەددامیش تۆوی هەزارەها سەددامی تری چاند و ئەمڕۆ عێراقیان ڕوبەڕوی دنیایەك قەیرانی خوێناوی کردۆتەوە، سەرکردەکانی تۆڕە ئیسلامیە تیرۆرستیە سونەکان و موقتەدا سەدر دونمونەی زیندوون لەم رۆژگارەدا، کە لە باوەشی هەریەك لەمانەیش دنیایەك سەددامی نەناسراو حەشار دراون و دور نیە سەردەمێك بێت، عێراق ببێتە وڵاتی سەددامیەکان.

دەرکەوتەی سیستەمی دیکتاتۆریەت لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەندە بە بێدەنگی ئەو کۆمەڵگاوە، بێدەنگی هەر کۆمەڵگایەکیش بەندە بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا و تاکەکانی کۆمەڵگاوە، هەر لێرەوە دەگەینە پرسیارێك "  بۆچی لە خۆرهەڵاتدا هەمیشە دەسەڵاتە ستەمکارەکان توانیویانە تا سەردەمانێکی دورمەودا هەیبەتی خۆیان بپارێزن و بە ئاشکرا پێشێلی مافەکانی مرۆڤ بکەن و کۆمەڵگاکانیشیان بە ماتی لەو هەموو بەڵا و مەرگەساتانە بڕوانن، کە بە سەریاندا دێت، ئایە ئەمە پەیوەندی بە ئاستی تێگەیشتن و دنیابینیەوە هەیە یا خود نا، بە بەراورد لەگەڵ خۆرئاوا کە ستەمکاری لەوێ کۆتایی پێهاتووە لە ناو کۆمەڵگاکانی خۆیاندا؟"، دەبێت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە و هەر پرسیارێکی لەو چەشنە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی خۆرهەڵات و ئەو ئاراستانەی کە زاڵن بەسەر چۆنێتی

بیركردنەوەكانی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتدا، بیركردنەوەی مرۆڤە خۆرهەڵاتیەكان هەمیشە لە ناو پانتاییەكی بەرژەوەندخوازیدا غەرق بووە، هەر ئەم غەرقبوونەیە وا دەكات كە چیرۆكی ڕوداو و شۆڕش و شۆڕشگێڕەكان لە خۆرهەڵاتدا، دەرخەری ئەو ڕاستیەن كە هەمویان بۆ بەدەستهینانی یەك ئامانج و گۆڕینی یەك دەسەڵاتە بۆ دەسەڵاتێكی تر، بەبێ گۆڕینی سیستەم و یاساكانی ئەو دەسەڵاتەی كە شۆڕشی لە دژ كراوە، یاخود دەرخەری ئەو ڕاستیەن، كە ئەو شۆڕشگێڕانەی دژی ستەمكاری شۆڕشیان بەرپا كردووە، دواجار خۆیشیان دەبنە ستەمكار و دەسەڵاتەكەیان تاسەر ئێسقان بە ناخ و ڕۆحی مرۆڤدا دەچێتە خوار و هەرچی فەزاحەت هەیە ڕوبەڕوی دەكاتەوە، ئەم حاڵەتە لە جیهاندا باو بووە و خوێندنەوەی زۆری بۆ كراوە، كەچی هەمیشە لە خۆرهەڵاتدا دوبارە دەبێتەوە و لەم پانتاییەدا خاوەن ڕۆحیەتێكی زیندووە، بەڵام هەموو ئەم حاڵەتانە لە ئەنجامی بێدەنگیەوە دروست دەبن و هەر ئەمانەیش فاكتەری ئەو بارگرانیانەن، كە ڕوبەڕوی مرۆڤ دەبنەوە و مێژویەكی خوێناویان نەخشاندووە بۆ خەڵكی خۆرهەڵات و وایان كردووە ژیان لە خۆرهەڵاتدا، وەك دێوەزمەیەك بەرۆكی هاوڵاتیانی بەرنەدات و لە زۆر حاڵەتدا مرۆڤ هیواخواز بووە خۆرهەڵاتی نەبوایە، چونكە دەسەڵاتە ستەمكارەكان هیچ كاتێك نەیانهێشتووە خۆرهەڵاتنشینەكان وەكو مرۆڤ بژین و شانازی بە مرۆڤبوونی خۆیان و شارستانیەتە گەورەكانی خۆیانەوە بكەن، بە شانازییەوە هەوڵ بۆ وەدیهێنانی خەونەكانی خۆیان بدەن ، تا ڕۆڵیان هەبێت لە دروست كردنی خۆشبەختیەكانی مرۆڤدا، ڕۆڵیان هەبێت لە بونیاتنانەوەی قۆناغێكی تازە لە خۆرهەڵات، كە تێیدا دەسەڵاتە ستەمكارەكان ڕسوا و شەرمەزار بكرێن و سەركردە خوێنڕێژەكان بكرێنە بەدفەساڵترین و دەبەنگترین پیاوی مێژوو، نەك وەك ئێستا دەمامكێكی درۆینە بكەنە سەریان و لە جیاتی دەرخستنی ڕوی دزێو و ناشیرینیان، كراونەتە سۆپەرمانێكی مێژوویی، ئەگەرچی ئەو مێژووە درۆینانە ڕۆژێك دێت بایەخێكی ئەوتۆیان نامێنێت كە دەسەڵات و سەركردەكان بە ئارەزووی خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیهۆننەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا كۆمەڵگا نابێت بێدەنگ بێت لە ئاست كردەوەكانی هەر دەسەڵاتێك ئەگەر قوربانیشی بۆ بدات، دەبێت سڵ نەكاتەوە لە ئەركەكانی خۆی و دەبێت دەستی هەبێت لە گێڕانەوەی حورمەتە ئینسانیەكان، دەبێت لە هەموو لایەكەوە هەوڵی گۆڕانكاری بدات و هەموو گۆڕانكاریەكیش قوربانی دەوێت و مێژویش دەیسەلمێنێت كە هەموو ئەو گۆڕانانەی خۆشبەختیان بۆ مرۆڤ بە دوای خۆیاندا هێناوە، قوربانی بۆ دراوە و دواتر بەها و سەنگیان بۆ مرۆڤ گەڕاندۆتەوە.

كەواتە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت وەكو مرۆڤ ئیدامە بە ژیانكردنی خۆی بدات و مافەكانی پارێزراو بێت، دەبێت دەنگ هەڵبڕێت لە ئاست هەر پێشێلكارییەكدا، كە دەرهەق بە خۆی و مرۆڤەكانی تر و كۆمەڵگا دەكرێت، بە پێچەوانەوە دەبێت هەر خەریكی سەرژمێری ئەو تاوانانە بێت، كە دەرهەقی دەكرێت و هەر خەریكی هەڵكەندنی گۆڕ بێت بۆ زیندەبەچاڵكردنی خەون و حەز و خولیاكانی.

تێبینی:

ئەم وتارە لە ژمارە 355 و 356 ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاو كراوەتەوە